## ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی‌سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی


**هەواڵەکانی پەنابەران** 2007/2/2

# هەواڵێکی بەپەلە:

## هەرکەس پەنابەر عەباس عوسمان دەناسیی، بەزویی سکرتاریەتی فدارسیۆن ئاگادار بکاتەوە، تکایە!

### پەنابەرێکی تر لەزینداندا بوە قوربانی:

ئەمرۆ هەواڵێکی تازە گەیشتە سکرتاریەتی سەتاسەری فدارسیۆنی پەنابەرانی عێراقی، کە عەباس عوسمان، لەرۆژی 2007/1/29 خۆی هەڵدەواسێت و گیان لەدەست دەدات لەدیتێنشنی ئیمیگرەیشندا و دەبێتە قوربانی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوە، تکایە هەرکەس دەیناسێ سکرتاریەتی فدارسیۆن ئاگادار بکاتەوە.

### پەنابەری لێدراو پەیوەندی گرت:

ئەمرۆ لەپەیوەندیەکی تەلەفونیدا بەسکرتاریەتی فدارسیۆنەوە، پەنابەر ( ل. ا. س )، کە هەواڵی لێدانی لەناوەندی هەواڵگری دوێنێدا بلاومانکردەوە، پەیوەندی گرت، وە تاکیدی لەوە کردەوە کەهەفتەی پێشوو لە زیندانی گلاسکۆدا بەچەندین پۆلیس لیان داوەو بریندداریان کردووە بەدوایدا ناردویانە بۆ زیندانی فرۆکەخانەی مانچستەرو دوو رۆژ لەوێ ماوەتەوەو دوێنێ ناردویانە بۆ لەندەن و ئیتسا لە زیندانی کۆڵن بروۆیە. وە داوای لە فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی کرد، کەبەزویی فریای بکەون، وە هەموو شتیکیان لیسەندوە، وە وەزعی زۆرخراپەو بەلکو فدراسیۆن محامی بۆ بگریت .


| بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن | | | |
|---|---|---|---|
| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saed |
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| **Address:** PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK | | IFIR Website: www.csdiraq.com | |

## لیپرسراوی فدارسیۆن لەگۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا لەکوردستان، لەسەر کیشەی پەنابەران!

ئەمرۆ دەشتی جمال، لێپرسراوی فدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی، لەکوردستان، شاری هەولێر، گۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری بەست، کەتیایدا ژمارەیەکی زۆر لەتەلەفزیۆنی و رادیۆو سایت و رۆژنامە تیدا ئامادە بوو کەئەمانە بوون (سەتەلایتی زاگرۆس، تەلەفزیۆنی هەولیر، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، رادیۆی نەوا، رادیۆی گەلی کوردستان، هەفتەنامەی میدیا، هەفتەنامەی جەماوەر، بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر، سایتی بۆپیشەوە، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەولێر پۆست و ازاعە عیراق حرە )، وەباسی گیشەکانی پەنابەران و هیرشی دەولەتی بەریتانیای کرد بۆسەر پەنابەران و قسەی لەسەر ئیتفاقاتی دەلەتی بەریتانیا و حکومەتی هەریم کرد.

## سکرتاریەتی فدارسیۆن بەشوین کارەکانی پەنابەراندا دەروات:

بەمەبەستی بەشویندا چونی کارەکانی پەنابەران، لەوانەی کەلەزیندانەکانداو و محامیان نیە، لەو هەوالانەی کەبەدەست فدارسیۆن گەیشتوە لەلیدانی پەنابەران و تەزیر کردنی ئەوراقەکانیان، وە خۆکوژی عەباس عوسمان، ئەمرۆ سکرتاریەتی فدارسیۆن ئەم کارانەی کرد: لەو هەوڵانەی کەتا ئیستا بەدەستمان گەیشتوە.

- جاسم غفور لەسکرتاریەتی فدارسیۆن، لەگەل لیپرسراوی ریفوجی لیگەل سەنتەر لەشاری نۆتنگهام دانیشت و لەسەر ئەو هەوڵانەی لەسەر پەنابەران قسەوباسی کرد، وە داوای کرد زەرورە هەنگاوی جدی بۆ بنریت و بەهیچ شێوەیەك ئەو هیرشانەی بۆسەر پەنابەران دەکریت لەدەرەوەو ناو زنیدانەکاندا وەزعی پەنابەرانی سەخت کردوە.
- بورهان فتاح لەسکرتاریەتی فدارسیۆن ، لەپەیوەند بەوەزعی پەنابەران و ئەو هەوالانەوە پەیوەندی بەچەندین پەنابەرانەوە گرت بۆ دەستخستنی زانیاری زیاتر لەسەر ئەو کیشانەی کەهەیانە.



| بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saed |
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| **Address:** PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK | | IFIR Website: www.csdiraq.com | |

- نوری بەشیر لەجیگای دەشتی جمال بەکاتی، پاش ئەوەی دوینێ لەو هەوالانە زۆریك لەلایەن و ریخکراوی ئاگادار کردەوە، ئەمرۆ پەیوەندی بەمسولی رابتەی پەنابەران لە ریفیوجی لیگل سەنتەرەوە لەلەندن گرت، وە لەسەر ئەو هەوالانە پیداگری کرد. پاشان لەگەل نوینەرانی کەمپینی دژی دیپۆرت بۆ عیراق قسەوباسی کردو لایەنەکانی ئەو هەوالانەی پەنابەرانی رونکردەوەو ئەوەی خستە روو کە ئەبی هەنگاوی دەستوبرد بنریت. وە لەگەل لیپراسراوی کۆمیتەی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق قسەوباسی کرد، وەلەو رووەوە هەنگاوی سەریع بنیریت و لەلایی ئەوانەوە هەنگاو بۆ پەیوندی بە ئەمنستی ئەنتەرناشنالەوە نراوە. پاشان بۆ دوزینەوەی پەنابەرانی لیدراو پەیوەندی لەگەل چەندین پەنابەرانی زیندانیدا گرت. وە مشاوەرەی لەگەل ئەندامانی سکرتاریەتی فدارسیۆن کرد بۆ ئیقداماتی فەوری و بەرنامە ئامادەکردن بۆ تەلەفزیونی بەریتانیا.

**پەیوەنگرتن بەفدارسیۆنەوە:**

ئەمرۆ بەدەیان کەس لەسەتارسەری بەریتانیا، لەزیندانەکان و دەرەوەی زیندانەکانەوە پەویوەندیان گرت بەسکرتاریەتی فدارسیۆن بۆ لەسەر وەزعی پەنابەران و هەوالێ تازەو داوای کۆمەك بەوەی فدراسیۆن کاریان بۆ بکات. ئیمە لەفدارسیۆنەوە جارێکی کە رایدەگەیەنینەوە، هەر پەنابەرێك لەزیندانەکاندا هەیە و محامیان نیە، ناو و مواليد و ریفرانسی هۆم ئۆفیس و تەلەفونیمان بۆ بنیرن تاکو کاری محامیان بۆ جێبەجێ بکەین.

## سکرتاریەتی فدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2007/2/2

| بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن | | | |
|---|---|---|---|
| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saed |
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| **Address:** PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK | | IFIR Website: www.csdiraq.com | |